# ژیان جەللادێکی بێگوناهە

لەبەردەم چڵەگیایەکی شەرمندا

کە ژیان لە چاویدا ئەژاکێ

زمان ئەتوانێت رۆح پڕکات لە برین

فریشتە لە دڵدا سەوز بکات

رۆح ئەتوانێت بیابان بکات بە سارایەکی سەوز

لە ژاکان ژیانەوە بنیاد بنێ

کۆتر لەژێر چنگی واشە دەربهێنێ

قەفەزی ئەو بولبولانە بشکێنێ گۆرانی بۆ فڕین ئەڵێن

بە فەزای حەقیقەتدا

نەك بە فەزای خەیاڵدا

**

مەی ئەتوانێت حەقیقەتی بوون

لە خەیاڵی (نەبوون)ێکدا بشارێتەوە

بەهارێکی خەیاڵی لە دڵی پایزدا سەوز بکات

ئاسمانێکی تر ببەخشێتە کۆتر بۆ فڕین

مەودای نێوان تاریکی و مانگەشەو بشارێتەوە

مەودای نێوان خەیاڵ و حەقیقەت ئاشکرا بکات

**

چرکە چرکی کاتژمێرەکان

لە ئاوازی پێی ئەو ئەسپە سپیانە ئەچێت

هەنگاوەکانیان لە مەرگ نزیکیان ئەکاتەوە

کات چییە جگە لە مەودای کورتی ژاکان و وەرین؟

چ ساردە وەرزی ئەم شەختە و گەڵا وەرینە!

میلی کاتژمێرەکان چەند خێرا ئەسوڕێ و

بەفری ئەم نائومێدیەش هێدی هێدی دەبارێ!

**

میلی کاتژمێرە نوستووەکان بێدار مەکەرەوە

ئەشێت فڕین زەماوەندی مەرگمان پێکەوە پێببەخشێ

ئەم بۆنی نامۆبوونە لەکوێوەدێ؟

ئەو شێتەی هەمیشە لە تێپەڕینی کاتژمێرەکان ئەپرسێ مەرگ داگیری کردووە

ئێمە نابووت بوون تەنها لە ژاکانی گوڵدا ئەبینین

ئازار ئەتوانێ

گریان و پێکەنینمان پێکەوە پێ ببەخشێ

بەلأم پێکەنینی ڕووت

ئەتوانێ

تەنها گریانێکی شاراوەمان پێ ببەخشێ

***

چی سەرمەستیەکی  پێ بەخشین ئەم شەرابە تاڵە!

ژیان قومارێکی تەمەن کورتە

لە تێکەڵبوونی پەنجەکانی دوو عاشقدا

من دەمویست عومر بە دەستی پەپولەوە  دەستەمۆ بکەم

ژیان لە مرۆڤ کوژان  وەرگرمەوە

باشترین تۆڵە بکەمەوە بەبێ خوێن رشتن

گریان بکەم بە کۆیلەی پێکەنین

کەچی ئاگر دەرسەکانی عەزابی فێرکردین و خۆی نەیکێشا

ئێمەی کرد بە قەرەبروت و خۆی نەسووتا

**

لەم شانۆگەریە  چۆڵ و  هۆڵەدا

تەنها کەسێك ڕۆح و دڵی نمایش نەکرد

هەر هەمووومان هەر سیما بووین

تەنها کەسێك حەقیقەتی نمایش نەکرد

هەر هەمووومان هەر سەراب بووین

مردوویەك بە کفنە سپیەکەیەوە  نمایشی ژیانی ئەکرد!

عابیدێك شووشەی شەرابی مەیخانەکانی ئەشکاند و

لە سەربانی مەعبەدەکانەوە

بەردی ئەگرتە پاساریەکان!

سنەوبەرێك شەماڵ هەڵی کرپوزاندبوو دەیویست بچێت بەگژ ئاسمانا

ئەویندارێك چڵە سەوزەکانی خەیاڵی لە بیابانە سەرابیەکەی ڕۆحدا شەتڵ ئەکرد

کوندەپەپوویەك بەدیار وێران بوونی باخچەیەکەوە گۆرانی دەووت

پیرە درەختێك و خونچە گوڵێك سایە و عەشقیان دەگۆڕیەوە

شێت و شاعیرێك خۆزگەیان بە یەکتری ئەخواست

قەرەج و سوپاسالارێك نیشتمانیان ئاڵو وێردەکرد

قەلەڕەشێك مرۆڤێكی فێری فڕین دەكرد

یاساوڵێك شەوانە دەرسی فڕینی بە ئەستێرەیەك دەوتەوە

پیاوێك لەبەر سەرمادا خۆی گەرم ئەكردەوە و

تفی لەو ئاوێنانە ئەكرد سیمای خۆی تیا ئەبینی

مەینۆشێك لە پیاڵە شەرابەكەی ڕائەما و ئەیووت:

شەراب و مەرگ و ئافرەت ئەتوانن

تەلیسمی ئەم تەنهاییە بشكێنن

دوو عاشقی مردوو

لەژێر تریفەی مانگەشەودا

بۆ یاقوتە ونبووەكانی ڕۆحی یەكتری ئەگەڕان

فەیلەسوفێك لە سپێدەیەكی سامااڵدا

شەوی ئەلاواندەوە

واشەیەك بەدەم پارچەكردنی دڵی بولبولێكەوە ئەیووت:

ئا ئەمەیە حیكمەتی فڕین؟!

مردوویەك  ئامۆژگاری زیندویەكی  ئەكرد و ئەیووت:

ئارامبە

ژیان هەڵوەدابوونە بەدوای كۆتری ئەو خۆزگە كوژراوانەدا

ڕاوچیەكان لەسەر مێزی مەیخانەكان

لەگەڵ شەرابی حەقیقەتدا دەینۆشن

لەو ڕۆژەوەی باڵەكانمان جێهێشت و

بە دوو باڵی شكاوەوە لەژێر ئاسمانی كۆترەكاندا

بۆ مەحرومیەتی خۆمان گریاین

ژیان ئاودانی گوڵەكانی پێكەنینە

كە هەر بە زەردەخەنەی خونچە سەوزەكانیانەوە

لە گریانێكی ئەبەدیدا ئەژاكێن

★★

ئێمە لەهەموو كەسێكەوە نزیك بووین

لەسوارەكانی ئەوقافلأنەی تابلۆ سەوزەكانیان بەخوێن ئەكێشاو لەمەرگ مانیفێستەكانیان چێئەكرد

لەو سیاپۆشەی بەدەم گریانەوە دەیوت ژیان جوانەبەڵام حەیف ئاواتی تیادا بەدی نایە

لەوپیرەی بەدەم هەڵكێشانی حەسرەتەكانی عومرێكی بێفایدەوە دەیووت:

ژیان هەڵێكی زێڕین بوو بەكەڵكی ئێمە نەهات

لەو خۆرپەرستەی بەدیار جوانی مانگەشەوەوە

لەكەنارەكانی مەرگدا وتی:من عومرێك بەهەڵە ڕێگام بڕی

لەو میلیشیایانەی دەیان ویست لەسیمای مناڵەكانا وێنەی جەللادێك ببینن

لەو قافلأنەی بەیداخەكانیان وێنەی كەللەسەرێك و دووئێسقانی پێوەبوو

لەوكچانەی تامردن هەربەخەیاڵ عاشق دەبوون

لەوپیاوەی هەمووعومری بۆ مناڵێك ئەسوتان لەنوتفەی ئەونەبوو

لەو كوڕانەی لەپشت زیندانی خوشكەكانیانەوە ماچیان بۆ دراوسێكانیان هەڵئەدا

لەو قەرەجانەی بەدوای عیشقێكدا دەگەڕان بیكەن بەنیشتیمان

لەوشاعیرانەی بەسەربانی خەیاڵەوە

لەنێو نەسیمدا سەیری مانگ ومەرگیان دەكرد

لەو قەیرانەی بەوشەی پیرێژن وردو خاش ئەبوون

لەوپیاوەی لەسەرەمەرگدا بەدووای بەختیاریدا ئەگەڕێ

لەوپیاوەی دوای تارمایی ژنەكانی شارئەكەوێ و

خەیاڵ بێداری ئەكاتەوەپێی ئەڵێ:بەسیە چیتر لەدەرگای مەرگ مەدە

لەوپیرەی داهاتووی بەدیار یادگاریە تاڵەكانیەوە ئەسوتێنێ

كەجارێكی تر پێی ناڵێت:كابرا خواحافیزی لەتەنهاییت كە

لەو كچەی پێ ی وابوو ژیان دوو دەرگای كراوەیە بەڕوی مەرگدا

لەوژنەی لەسەرەمەرگداوتی :من لەمناڵیەوە مردوم

ئێمە لەهەمووكەسێك ئەچووین مناڵەكەی ڕۆحی خۆمان نەبێت

لەهەموو كەسێك دوربووین جەللادەكەی ڕۆحی خۆمان نەبێت

**

چ سەوداسەرێكی كەڕ و لاڵ بووین؟!

ئەی رۆژە ڕەشەكانی ڕۆح

ئیدی ڕۆحی من لەپشت ئەم چاویلكە خوێناویانەوە سەیری ژیان ناكەن

ئاخر ئێمە لە ئەفسانەكان خواوەندمان داتاشی و

خودای حەقیقیمان وەك خۆی نەناسی

هەر ئەو درەختە بەدبەختانەی بەردمان تێگرتن

بەروبوومی ژان و عەزابی خۆیان تێگرتین

نەمانزانی...

باران ئەتوانێت گیانی تۆ پڕكات لە چڵە گیا و

ڕۆحی هەردووكمان پڕكات لە برین

برینێك پێكەوە عەزابەكەی ئەچێژین

باران ئەتوانێت جەللادێك فێربكات

لەبەردەم  ئاوێنەدا تف لە خۆی بکات

لە بەردەم ڕۆحی کۆترە سەربڕاو و

کەناریە کوژراوەکاندا بۆ ڕۆحی کوژراوی خۆی بگری

باران ئەتوانێت رووتت کاتەوە لە گوناه

کەچی تۆ نە توانیت لە تاریکایی ڕۆحی خۆت حاڵی بیت و

نە لە سەرسامی ئەو مانگەشەوە

نە لە ئازاری رۆحی قوربانیەکان حاڵی بوویت و

نە لە عەزاب ویژدانی رۆحی خۆت

نە لە تاریکایی ئەم ئاسمانە حاڵی بوویت و

نە لە مانگەشەوی ڕۆحی خۆت

**

ئەی سەفیری بازاڕی قومار چیە  دۆڕاوەکانی ئومێد

ئەی نامۆ  بەو هەموو برینەی ڕۆح و

ونبوونی  ناو  ئەم  دوکەڵە ئەبەدیە

ئەی سەوداسەری حەقیقەت لەنێو جەنجاڵی  ئەم  بازاڕی گومانە

دەست بگرە بە گریانی  ئومێدە دۆڕاوەکانتەوە

نەبادا گیرفانەکانت خاڵی ببنەوە لە دراوەکانی ئومێد

ژیان لێرە  گومانێکی نەبڕاوەیە

لە ئێوارەی حەقیقەتدا فریای چرکەکانی ئاوابوون ناکەوین

بەدوای کام قاچاخچی  ئەویندا ئەگەڕێیت؟!

ژیان عاشق بوونە بە دۆڕاندنی رۆح

لەسەر مێزی  قوماری مەیخانەکانی پووچی

مرۆڤ بەپەندکراوترین  تەیری زەمانەیە و

عاشق دۆڕاوترین قومارکەری مەیخانەیە

**

لەم  سەحرای دوکەڵ و خوێنەدا

سێبەرەکانیش بە حەقیقەت نامۆن

ئەم مەیخانە پڕە لە سێبەری سەرابی

بەدەست ئەم ژیانەوە چەند ماندوو بووم!

لەوسەری  شەقامەکەوە لە ماندوێتی ئەو رێبوارانە دەڕوانم

بەدوای ئومێدێکی پوچدا دێن

ئاخر ژیان چیە جگە لەشەرێکی پوچ  لەنێوان بکوژو قوربانیدا؟؟

ئەوساتەی هەژاری وەك یاساوڵێکی خوێن تاڵ

لەماڵ وشەقامەکاندا حوکم ئەکات

ئەوساتەی ئیمان لەسەر تەوقیتی کاتژمێرەکان میقات ئەکەین

ئەخلاق لەڕۆژگار مارەئەکەین

هەمووفریشتەکان لەڕۆحماندا ئەکوژرێن

مرۆڤەکان لەبری کاڵا ئەفرۆشرێن

عیشق هیچ جوانیەکی بەبەرەوە نەماوە جگەلەخەیاڵ

عیبادەتێك نەماوەتەوە بۆ خوا جگەلەتەمەننای مردن

ئەکرێت لەززەت لەمردن بکەین !!!

★★

ئەی جەنگ وێرانم کە

وەك خۆڵەمێشی شارێکی وێران کە بایەقوشێك دڵخۆشی ئەداتەوە

وەك ئەو براوەی خەڵاتەکەی تابووتێك و فیشەکێکە

وەك ئەو گوناهبارەی لەخوێنی پاکیزەکانی شاردا مەلە ئەکات و

بەدیارگوناهی پەپولەیەکەوە دەگری

وەك ئەو دۆزەخیەی لەخەیاڵەکانی بەختەوەریەوە لەبەهەشت دەڕوانێ

وەك ئەو نورانیەی بەسەر بەرماڵێکەوە تف لەئاسمان ئەکات و ناوچاوی خۆی پێئەشوات

وەك ئەوکچەی جگەلەعیشقی ڕۆح مەرگ لەڕۆحی ئەودا دەژی

وەك ئەوپیاوەی بەئومێدە لەدنیایەکی تردا حەفتا فریشتەی هەبێت و

خودا تەنیایی بەنرخی بەخشندەیی بەهاوسەرەکەی بفرۆشێت

وەك ئەو کچەی بەرماڵەکەی تەنها بۆتکاڕائەخا

من ئەزانم لەودیوی مەرگەوە ژنێك هەیە بۆعیشق ئەژی و

ڕۆحی پیاوێك لەتەنیایدا ئەسوتێ

وێرانمکە وەك قەرەبروتی شارێکی وێران

وەك خەڵوزو خۆڵەمێشی درەختێکی سەوز

وەك ئەو ژنەی بەخت بۆ مرۆڤایەتی ئەگرێتەوە و سواڵی بەختەوەری ئەکا

وەك ئەو هەرزەکارانەی جگە لەشەیتانە میهرەبانەکانی شەو عاشقێکی تریان نیە

من دەزانم دواجار عیشق دەمانکات بەعیبرەت نەك تەنهایی

گوناه مناڵەکەی ڕۆحمان ئەکوژێت نەك جەنگ

مەرگ باخچەی ڕۆحمان سەوزئەکات نەك میهرەبانی

خەم لەبێشکەکاندا پیرمان ئەکات نەك تێپەڕینی تەمەن

ئەو سۆفیەی منیش دەرگای ئیمانداری لێدابخەم

دەرگای بتخانەیەك ئەكاتەوە

ئەو پیاوەی من لەقافڵەكانی جەنگ دەیگێڕمەوە

مەیتخانەیەك دروست ئەكات

ئەومناڵەی من بووكەشوشەیەكی پێئەبەخشم

تابوت سازێكی لێدەرئەچێت

ئەو عاشقەی من فێری ناشتنی گوڵە سورەكانی ئەكەم

ئەندازیارێكی لێدەرئەچێت

مەودای نێوان حەرام وحەڵاڵ ئەپێوێت!!

**

ئەی عیشق داگیرم كە

وەك ولأتێك ئافاتی هەزارەها نەخۆشی ونابووتی داگیری كردوە

وەك ئەو قافلأنەی بارەكانیان یاقوت وزێڕەو

سوارەكانیان تەلیسمسێكی شكێنراون

ئەو كۆترەی من نەیكوژم عەزاب ئەیكوژێ

ئەو ژنەی من نەینێژم میهرەبانی ئەینێژێ

ئەو كچەی من زیندە بەچاڵی نەكە م عیشق گۆڕێ تری پێ چێدەكات

ئەو مەینۆشەی منیش ڕێگای مەیخانەی نیشان نەدەم عەزاب مەستی ئەكات

ئەوپیاوكوژەی منیش فێری نیشانە شكێنی نەكەم جەنگ فێری كوشتنی مناڵ و

بووكەشوشەكانی ئەكات

ژیان لەژێرپێ ی ئەسپە شەكەتەكان و

جەنگاوەرەخوێناویەكانی مەرگدا

پڕە لەقریشكەی ژنە تەنیاكان و

سواڵكەرە بێكەسەكان

**

ئێمە لەنێو ئەم باخە موحیبەت لێتۆراوە دا

لەنێو دەفتەری ئەم هەموو خەزانەدا

تەنها گوڵێكی كاڵ بووین

گوڵێك زیاتر نا

گوڵێك كەكزە بایەكی شەكەت پە ژموورردەی ئەكات

بەخوێنی دڵ قەسیدەكانی عیشقمان لەسەر ڕۆح نوسی و

بەوخەنجەرانە پارەپارەیان كردین

گەلأو گوڵی دارستانەكانمان پێ هەڵپاچی

ئێمە لەنێو خوێنی خۆماندا ئەم شارەمان ونکرد

هەرلەنێو دڵی خوێناوی خۆشماندا ئەم شارەمان خوڵقاند

**

یارۆ

لێوی خەیاڵ بەخوێنی ئەو باڵدارانە سورمەکە  جگە لەئاسمانی ئاوا بوون

ماڵێ تریان  نیە بۆنیشتە جێبوون

مرۆڤ لەسەرمێزی  قوماری ئەم شێت خانە ئەزەلیە

هەمیشە قوماری دڵ ئەکاو ڕۆح ئەدۆڕێنێ

قوماری ڕۆح ئەکاو دڵ ئەدۆڕێنێ

مەی ئەنۆشێ وفیراق مەستی ئەکات

خەیاڵ ئەنۆشێ وحەسرەت سەرخۆشی ئەکات

هەمیشە لەچاوی دێوانەیەکی شەکەت ئەپرسێ

کەهەمووعومری بەعیشقێکی دۆڕاو بەخشیوە

ئەرێ لالۆ ئەوین لەکوێوەیە؟!!

**

ئەی عیشق

دەرفەتێك بۆ ئەو بەرسیلانە بهێڵەرەوە

لەدڵی خۆیاندا گۆزەی شەراب چێئەکەن

ژیان جگە لەبەری درەختەپوچەکانی جەنگ

چی تری پێبەخشین؟

تالآنی ئەو مەملەکەتانەی گۆزەکانیان پڕبوو لەشەرابی ئەوین

ئەسپەکانیان خەیاڵ بوو

شەوان بەدیار چرای ئومێدە سەوزەکانیانەوە

نەوەکانیان فێری ئەوینداری  دەکرد

جگە لەمەرگ  ،چی تری پێبەخشین؟؟!!

* *

سواڵکەرێك پێی وتم ژیان کۆڵانێکی بەبن بەست  گەیشتوە

گەربۆدۆزینەوەی ڕێگاکان ئەگەڕێیت

ڕۆحی من ئەم ولاَتە جێبێڵە تەنها کوندەپەپوەکان گۆرانی تیائەڵێن

بێویژدانەکان تیایدا دەولەمەندن و پیاوکوژەکان تیایدا بەختەوەرن

ئەم ولاَتە جێبهێڵە وبزانە گۆڕستانێکت جێهێشتووە

وابزانە لەگەڵ کۆترەکاندا بەرەومەعبەدەکان دەفڕی

من دەم ویست لەخوێنی ڕژاوی ناو ئەم کوچانە تابلۆی مەسیحێك بکێشم بەخاچەوە

تابلۆی عیسایەیەك بکێشم لەسوجدەدا

داوا لەخوائەکات ئەم ڕۆح کوشتنەڕاگرێ

کەچی خەیاڵەکانم هەمیشە دەیانبردمە بەردەم فاڵچیەکی بێوەفا

مەستانە پێم دەوت پارەکانم بدەرەوە

پێشبینیەکانت درۆ دەرچوون

**

لەم سەرکۆلانانەدا سواڵکەرانە دامەنیشە

بەختەوەری لێرەوە تێناپەڕێت

ئەم مەحشەرە لەمنەوە بەرپادەبێت

هەمووسپێدەیەك بیرم ئەچێت ئەمرۆم هیچترە لەدوێنێ

هەنوکە نازانم ژیان لەگەڵ عادەتی دڵشکان ڕایهێناین یاخودا؟!

ئاخرمن لەئاوێنەیەکدا بۆدۆزینەوەی سیمای خۆم ئەگەڕێم

لەکوشتار گایەکدا قدەرێك ئەدۆزمەوە لەگەڵ کچێك تەعاروفمان پێئەکات

من بێشەرمانە پێی دەڵێم: وای کچەکە تۆومانگ چەند لێکتری ئەچن و

ئەویش شەرمنانە پێم دەڵێت:کوڕەکە بەچرپەوە قسەبکە نەوەك مەرگ لێرەوەتێپەڕێ

من دەم وت :کچێ چاوەڕوانی لەبێشکەکاندا پیری کردین

بائیتر بۆئەو مەیخانەبگەڕێین لەخەیاڵ شەراب دروست ئەکات

بۆئەو ساقیانەبگەڕێین ئومێد ئەگێڕن

ئەودەیوت: کاتێك ژیان لەمردن بێتامترە

مرۆڤ جگەلەسواڵکەری بەختەوەری

چیترە؟!

**

ئەی خودا ئێمە شوێن چی ئومێدێکی پوچ کەوتووین

ئەم مەعبەدە پڕەلەعیبادەتی عەبدەکان

دوکەڵی جگەرەکانی حەقیقەت لەنێو پەنجەکانی وەهما ئەسوتێ و

من دەست بازی لەگەڵ خەیاڵ ئەکەم

ئەو خەونانەی بەکوژراوی بەدەرگای مەعبەدەکانەوە هەڵواسراون

بەلەبیر چوونێکی ئەبەدی ئەسپێرم

لەنێو کێلی ئەم گۆڕەبێناو نیشانانەوە

چاو بۆسەوزاییەکی تر ئەگێڕم

**

گوێ ڕادێره دەنگی زیك زیك کەرەکان

دەنگی ئەو مناڵانەت بیرنەباتەوە

لەپشت دەرگای داخراوی ژورەکانەوە

لەنێو کرێوەو گەرمی شەقامەکاندا سواڵی ویژدان ئەکات

یائەو پەرەسێلکانەی ئولفەتیان بەسەفەری گەرمیان وکوێستان و

چێ کردنی هێلانە قوڕینەکانەوە گرتووە

چاوەکانت دامەخەو وێنەی ئەوانەت بیر نەچێتەوە

عاشقێك چرای ئومێدەکانی ئەکوژاندەوەو

شقارتەی بەئومێدەکانی خۆیەوە ئەنا

پەیکەرتاشێك وێنەی بەردێکی لەدڵی مرۆڤێك هەڵدەکۆڵی و

بەدروستکردنی بتێك

ئەیوست خوا لەبیری دانیشتوانی شارێك بباتەوە

ئینجانەیەك بەخوێنی گوڵ گوڵە خوێنێکی ئاوئەدا

مناڵێك دۆسێ ی هەمووپاشاکۆنەکانی ئەخوێندەوە

کەهەرهەموویان دوو وشەیان تیا نوسرابوو

ژیان ....هیچە

فاڵچیەکی پیر ئومێدی بەپەپولەیەکی نائومێد ئەفرۆشت

خواناسێك لەبەردەم تابلۆیەکی مەسیح دا

کەبەخاچەوە هەڵواسرابوو

هەمیشە بەبێدەنگی لەبەردەمیدا ئەوەستا و

بەهەمووهەستەکانی ڕۆحی خۆیەوە ئەیوت:

ئەفسوس تەنها تۆزانیت

تامی خوێن چ بێلەزەتە

تەنها تۆ ...

زانیت ...

تامی خوێن .....

چ بێلەزەتە.....

هەردی شەفیق

سەید صادق 2007\3\14